ئەی پێغەمبەری خودا، خاکێکم دەستکەوت (بوو بە مولّکی من) لە خەیبەر، هەرگیز سامانێکم لە لا نەبووە لەوە بە نرختر بێت، ئایا چی فەرمانێکم پێدەکەیت سەبارەتی؟ فەرمووی: ئەگەر بتەوێت بنچینەی (دەستکەوتەکە) دەهێڵیتەوە (وەکو وەقف)، و(بەرهەمەکەی) دەکەیتە خێر

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عومەر خاکێکی دەستکەوت (بوو بە مولّکی) لە خەیبەر، هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی فەرمانی پێبکات (سەبارەت بە ئەم خاکە)، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، خاکێکم دەستکەوت (بوو بە مولّکی من) لە خەیبەر، هەرگیز سامانێکم لە لا نەبووە لەوە بە نرختر بێت، ئایا چی فەرمانێکم پێدەکەیت سەبارەتی؟ فەرمووی: «ئەگەر بتەوێت بنچینەی (دەستکەوتەکە) دەهێڵیتەوە (وەکو وەقف)، و(بەرهەمەکەی) دەکەیتە خێر». دەڵێت: کردی بە خێر، بەڵام نابێت بفرۆشرێت، ونابێت وەکو دیاری ببەخشرێت، ونابێت بکرێتە میرات. دەڵێت: عومەر کردی بە خێر لەسەر هەژار، وکەسە نزیکەکان، وبەندەکان، ولە پێناو خوای گەورە، وبۆ ڕێبوارەکان، ومیوانەکان، وڕێگەپێدراوە لەوەی بەڕێوەی دەبات لێی بخوات بە مامناوەندی وبەشی هاوڕێکەی بدات، بەڵام هەوڵی ئەوە نەدات بەهۆیەوە دەوڵەمەند بێت. ولە گێڕانەوەیەکدا: بەرهەمەکەی خەزن نەکات بە مەبەستی ئەوەی دەوڵەمەند بێت.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (عومەر خاکێکی دەستکەوت -بوو بە مولّکی- لە خەیبەر): لێرەدا ئیبن عومەر دەڵێت، عومەر کە باوکێتی ئەمیش وەکو بێڕێزی دانانرێت چونکە بەرامبەر بە باوکی نەیتووە بەڵکو دەیگڕێتەوە بۆ کەسانێکی تر وبۆ ڕوونکردنەوەی حوکمێکی شەرعیە، وناوهێنانی باوک بەناوی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ داب ونەریتی خەڵکی ئەو ناوچەیە، عومەر خاکێکی دەستکەوت (بوو بە مولّکی) لە خەیبەر لە سەد پشک پێکهاتبوو ئەمیش بەهۆی چاکی وباشی ئەو خاکە، وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان بە شێوەیەکی گشتی وهەروەها ئەو کردەوە چاکانەش کە دەمێننەوە لە پاش مردن، ئیمامی عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمیش وەکو هیوایەک بۆ بەدەستهێنانی ئەو چاکە باسکراوە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: {لَنْ تَنَالوا البِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبونَ} [آل عمران: 92] واتە: {ئێوە هەرگیز بە خێر وچاکە ناگەن (وە دەسگیرتان نابێت) تا نەیبەخشن هەندێک لەو داراییەی کە خۆشتان دەوێت}، داوای ڕێنموێنی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکات لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم خاکە بۆئەوەی وەکو خێر ببەخشێت لە پێناوی خوای گەورە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆ کرد بە باشترین شێوازەکانی خێرکردن، ئەویش ئەوەیە بنچینەی (خاکەکە) دەهێڵێتەوە (وەکو وەقف) لە لای خۆی، بۆیە ئیمامی عومەریش خاکەکەی وەکو (وەقف) دانا، نە دەفرۆشرێتەوە ونە وەکو دیاری دەبەخشرێت، ونە دەبێتە میراتیش یان جگە لەمانە لە بەکارهێنانەکان کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی خاوەندارێتی (مولّکیەتی) ئەم خاکە بۆ کەسێکی تر، بەڵکو بەرهەمەکەی دەکرێت بە خێر ودەبەخشرێت بە هەژاران وکەسە نزیکەکان، ویان بەهۆیەوە بەندە (کۆیلە) ئازاد دەکرێت، یان دیەی پێدەدرێتەوە لەسەر ئەوانەی واجبە لەسەریان دیە بدەن، وپارمەتی موجاهیدانی پێدەدرێت کە جیهاد دەکەن لە پێناو سەرخستنی وشەی خوای گەورە (سەرخستنی ئاینی ئیسلام)، وبەرهەمەکەی دەبەخشرێت بە ڕێبوارانیش ئەوانەی خۆراک وقوتیان پێنەماوە لە سەفەریاندا بۆ خاکێکی تر، وهەروەها دەبەخشرێت بە میوانەکان؛ چونکە ڕێزگرتن لە میوان لە ئیمانەوەیە، ئەو کەسەی خاکەکە بەڕێوە دەبات وخزمەتی دەکات؛ ئەوا دروستە بۆی لە بەرهەمەکانی خاکەکە بخوات بەڵام بەشێوەیەکی مامناوەند وبە پێی پێویست، ولێی دەبەخشێت بە هاوڕێیانی؛ بەبێ ئەوەی بەرهەمەکانی بەکاربهێنێت بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن، چونکە ئەم خاکە دانراوە بە خەرجکردنی لە ڕێگای خێر

وچاکەکاری، نەک بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن وپارە پەیداکردن، تێبینیەک: (وەقف) ئەوەیە مسوڵمان سامانێکی جا هەرشتێک بێت دەیبەخشێت بە لایەنێک لە لایەنەکان؛ بۆئەوەی بەڕێوەی ببەن، بۆ نمونە خاکێک بەروبوومی کشتوکاڵی هەیە، ئەو لایەنە بەرهەمەکانی وەکو خێر دەبەخشێت بە هەژاران وپێویستان، وبنچینەی خاکەکە (شتەکە) دەمێنێتەوە ونابێت بفرۆشرێت وبە دیاری ببەخشرێت یان ببێتە میرات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6031